


وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب - بەشی جوگرافیا



بابەت:جوگرافیای شار

# بیردۆزی ناوچە چەقیەکان

# نظرية الأماكن المركزية

# (Central Places Theory)


مامۆستای بابەت : کامران ولی محمود




# Walter Christaller – والتەر کریستالەر

## 1893- 1969

زانای جوگرافیناسی ئەڵمانی (کریستالەر) لە ساڵی 1933 بە داهێنەری بیردۆزی ناوچە چەقیەکان دادەنرێت، کە هەندێ جاریش پێی دەگوترێ: بیردۆزی شەش پاڵوو، کە لە دەشتی باڤاریا لە باشووری ئەڵمانیا جێبەجێی کرد، وەك پرۆژەی دکتۆرا.

## ئامانجی بیردۆزەکە:

بریتی بوو لە هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی ڕێسایەك، بە مەبەستی ڕێکخستنی شوێنگەو دابەشبوونو دووری‌و قەبارەو پۆلینکردنی (نێوەندە ئاوەدانیەکان)، بەگوێرەی وەزیفەکانیانو پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ یەکتر لە لایەكو لەگەڵ هەرێمەکانیان لەلایەکی ترەوە.

# گریمانەکانی بیردۆزەکە:

١. بوونی ناوچەیەکی دەشتایی وێکچوو لە سەرجەم دیاردە سروشتیەکاندا.

٢. دابەشبوونی دانیشتوان بە شێوەیەکی یەکسان.

٣. توانای کڕینو باری ئابووری دانیشتوان وەك یەکە.

٤. پەیدابوونی هەر شوێنێکی چەقی پەیوەستە بە پێشکەشکردنی کاڵاو

خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکانی دەوروبەری.

Contoso

# دەرەنجامەکانی بیردۆزەکە:

**یەکەم:**

تاییبەتمەندی هەر شارێك بریتیە لەوەی کەوا چەقی هەر ناوچەیەك بێت کە دەوری دەدا، چ لە رووی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو خەڵکە، یان کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی کاڵاکانیان. بۆیە باشترین شوێن بۆ ئەم شارە بریتیە لە چەقی هەرێمەکەی، لەبەرهەندێ پێیان دەووترێت (ناوچەی چەقی).

# دەرەنجامەکانی بیردۆزەکە:

## دووەم:

بەو خزمەتگوزاریو کاڵایانەی کە ناوچە چەقیەکان پێشکەشی

دانیشتوانی هەرێمەکانیان دەکەن دەووترێت (وەزیفەی مەرکەزی) یان

(چالاکی مەرکەزی).

## دەرەنجامەکانی بیردۆزەکە:

**سێیەم:**

پلەی چەقی شارەکان بە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ دانیشتوانی هەرێمەکانیان دەپێورێت. بۆیە هەرچەند پلەی چەقی زۆر بێت ئەوا رووبەری هەرێمەکەی فراوانتر دەبێت.

# دەرەنجامەکانی بیردۆزەکە:

چوارەم:

ناوچە چەقیەکان بە گوێرەی قەبارەو پلەی چەقیان، بۆ حەوت ئاست پۆلین دەکرێن. کە بە گوندی بچووک (سەنتەری یارمەتیدەر) دەست پێ دەکاتو بە شاری زەبەلاح کۆتایی دێت.

کریستالەر هێمای بۆ ئەو حەوت ئاستە دانا کە پیتی یەکەم بۆ هەر ئاستێك لە زمانی ئەڵمانی هەڵبژارد، وەك ئەمانە:

M: گوندی خاوەن بازاڕ ، A: شارۆچکەی بچووك

K: شارۆچکەی ناوەند، B: پایتەختی ناوەند

G: پایتەختی بەڕێوەبەرایەتی، P: پایتەختی پارێزگا

L: پایتەختی هەرێم

# دەرەنجامەکانی بیردۆزەکە:

پێنجەم:

سەنتەرە ئاست بەرزەکان تایبەتمەندن بە گەورەیی قەبارەی دانیشتوان، هەروەها بە هەمەجۆریی خزمەتگوزاری پێشکەشکراوو ئاست بەرز، کە سەرجەم خزمەتگوزاری سەنتەرەکانی خوار خۆیانو لەگەڵ هەندێکی تر پێشکەش دەکەن.

پێچەوانەش راستە بە نسیبەت سەنتەر بچووکەکان.

Contoso

# دەرەنجامەکانی بیردۆزەکە:

شەشەم:


هەر سەنتەرێك خزمەتگوزاری پێشکەش بە ناوچەیەك دەکات لە دەوروبەری، کریستالەر ناوی ئەو ناوچەیەی نا (هەرێمی تەواوکار) جیا لەو زاراوانەی کە پێشتر زاناکان بۆ هەرێمی شارەکان بەکاریان دەهێنا، وەك: هەرێمی شار، ناوچەی کاریگەر، ناوچەی باڵادەستی شار، هەرێمی بازرگانی، هەرێمی کێشکراو.. هتد.

رووبەری ئەو هەرێمە راستەوانە لەگەڵ ئاستی سەنتەرەکان دەگونجێت.

# دەرەنجامەکانی بیردۆزەکە:

## حەوتەم:

شێوەی هەر هەرێمێکی تەواوکار بریتیە لە شێوەی شەش پاڵوو، چونکە بە رای کریستالەر ئەو شێوەیە هیچ بۆشاییەك لەنێوان خۆیان ناهێڵێت کە خزمەتی سەنتەرەکانی نەگات.



## دەرەنجامەکانی بیردۆزەکە:

**هەشتەم:**

کریستالەر دوو چەمکی هێنایە کایەوەو پشتی پێ بەست لەکاتی گواستنەوەی دانیشتوان بۆ


بەدەستخستنی خزمەتگوزاریەکان لە سەنتەرە جیا جیاکاندا ، کە ئەمانەن:

١– سەرەتا – یان نزمترین ئاست (THRESHOLD)


٢– رادەی کاڵاکان (RANGE OF GOODS)

## نۆیەم: کریستالەر هەڵسا بە دابەشکردنی ناوچە چەقییەکان بۆ (7) ئاست، وەك ئەم خشتەیە:

| هێما | ناوچەی چەقیی | | | هەرێمی تەواوکار | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | دووری نێوانیان (کم) | قەبارەی دانیشتوان | رووبەری هەرێم (کم٢) | قەبارەی دانیشتوانی هەرێم |
| M | ٤٨٦ | ٧ | ٨٠٠ | ٤٥ | ٢,٧٠٠ |
| A | ١٦٢ | ١٢ | ١,٥٠٠ | ١٣٥ | ٨,١٠٠ |
| K | ٥٤ | ٢١ | ٣,٥٠٠ | ٤٠٠ | ٢٤,٠٠٠ |
| B | ١٨ | ٣٦ | ٩,٠٠٠ | ١,٢٠٠ | ٧٥,٠٠٠ |
| G | ٦ | ٦٢ | ٢٧,٠٠٠ | ٣,٦٠٠ | ٢٢٥,٠٠٠ |
| P | ٢ | ١٠٨ | ٩٠,٠٠٠ | ١٠,٨٠٠ | ٦٧٥,٠٠٠ |
| L | ١ | ١٨٦ | ٣٠٠,٠٠٠ | ٣٢,٤٠٠ | ٢,٠٢٥,٠٠٠ |



٧
٦
٥
٤
٣
٢
١



شێوەی کۆتایی بیردۆزی
کریستالەر

Contoso




# THANK YOU!